حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی)

**A**

بەناوی خوای گەورە

بابەت: مێژوو / کات: ٣:٣٠ کاتژمێر

**وەڵامی نموونەیی**

ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ خولی دووەم

پەنجەمۆر

SN: 00000001

وەڵامی راست هەڵبژێرە: ( بۆ هەر پرسیارێك ٢ نمرە )

١. میرنشینی ......... پتر لە دووسەد ساڵ مایەوەو فەرمانڕەواییان کردووە و دەورێکی گرنگ و ئاشکرای هەبووە لە ناوچەکەدا:
A- ئەردەلان B- هەکاری C- بابان D- سۆران

٢. لە ساڵی (١٩٨٨ز) پرۆسەی ئەنفال لە ناوچەی جوگرافی جیاوازی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو کە بریتی بوون لە......... ناوچە:
A- پێنج B- شەش C- حەوت D- هەشت

٣. بەریتانیا بۆی هەیە لەکاتی جەنگدا خاکی عێراق بەکاربهێنێت،بە پێی :
A- پەیمانی لەندەن B- پەیمانی عێراقی- بەریتانی ١٩٢٢
C - پەیمانی بەغدا D- پەیمانی عێراقی- بەریتانی ١٩٣٠

٤. بەهۆی ڕاپەڕینی ساڵی............. پەرلەمان هەڵوەشایەوەوحکومەتی عێراق ناچاربوو بڕیاری هەڵبژاردنێکی نوێ بدات و ڕێگەی دا بە حزبە مۆڵەتدراوەکان بەشداری تێدا بکەن :
A- ١٩٤٨ز B- ١٩٥٢ز C- ١٩٥٦ز D- ١٩٥٨ز

٥. یەکەم ڕاپەڕینی کورد دژی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٥٣٨ز) بوو لەلایەن میری میرنشینی ئەردەلان بە ناوی:
A- میر حەسەن B- سورخاب بەگ C- میرحسێن D- مەئمون بەگ

٦. دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە هەردوو سەدەی هەژدەو نۆزدە بەرەو لاوازی دەچوو لە :
A- خۆرئاوای عەرەبی B - ئاسیای بچووک C - کەنەدا D- کوردستان

٧. چەندەها یادشت و بروسکەی بۆ هاوپەیمانان نارد لەبارەی مافەکانی کورد و سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێگای ئەو لیژنەیەی سەرپەرشتی دەکرد:
A- خەلیل خەیالی B - شەریف پاشای خەندان C- ئەحمەد سورەیا بەدرخان D- میرحاج ئەحمەد

٨. شاری ئورمیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی ئازاد نەکرا لە کاتی:
A- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری B- شۆڕشی سمکۆی شکاک
C- حوکمڕانی خان ئەحمەد خان (میری ئەردەلان) D-هەریەکە لە A و B راستە

٩. ساڵی (١٨٧١ز) ڕاپەڕینێك لە جەزائیر بەرپابوو بەسەرکردایەتی محەمەد کوری ئەحمەد مقرانی دژی فەرەنسییەکان لە هەرێمی:
A-فاس B - وەهران C - قسنطینة D- مەعەسکەر

١٠. ئەم میرە سنووری میرنشینەکەی فراوان کرد کەلە ناوچەی (وان) وە هەتا (مەهاباد) و(ڕەواندز) لەلایەك و لە (موسڵ) وە هەتا (دیاربەکر) لەلایەکی ترەوە لەژێر دەسەڵاتی خۆی دابوو :
A- بەدرخان پاشا B - پاشای گەورە C - هەڵۆخان D- مراد خان

١١. محەمەد عەلی والی میسر لەشکرێکی لەژێر فەرماندەیی ئیسماعیل پاشای کوڕی لەساڵی (١٨٢٠ز) ناردە سەر سودان و داگیری کرد لەسەر داوای سوڵتان :
A- عەبدولحەمیدی دووەم B - عەبدولمەجیدی یەکەم C - مەحمودی دووەم D- سەلیمی سێیەم

١٢. لەدوای ئەم رێکەوتنامەیە ئیتر عوسمانییەکان ترسیان لە سەفەوییەکان نەما،کەوتنە چەسپاندنی سیاسەتی مەرکەزی لە کوردستان و نەهێشتنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردەکان:
A- ئەرزرۆمی یەکەم B - ئەرزرۆمی دووەم C - ئەماسیە D- زەهاو

١٣. لە ساڵی (١٨٢٨ز) سوڵتان ................. ویستی دەوڵەتی عوسمانی جارێکی تر زیندوو بکاتەوەو (مەرکەزیەت) لە فەرمانڕەوایی دا بچەسپێنێ:
A- عەبدولحەمیدی دووەم B- عەبدولمەجیدی یەکەم C - مەحمودی دووەم D- عەبدولعەزیز

١٤. شێخ ئەحمەد بارزانی هێزێکی بۆ یارمەتیدانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی حەفید نارد لە ساڵی :
A- ١٩١٩ز B - ١٩٢٢ ز C - ١٩٢٥ ز D- ١٩٣١ز

١٥. ............ وای بۆ دەچێت ، ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یارمەتی سیاسی و سەربازی و دارایی حکومەتی عێراقی نەدایە شاڵاوی ئەنفال بەو شێوەیە پیادە نەدەکرا:
A- پۆست هێلتەرمان B - میدل ئیست ووچ C- کلۆدس جیمس ریچ D- لۆنگریك

١٦. لە (١١ی ئازاری ساڵی ١٩١٧ز) هێزەکانی بەریتانیا کەلە ڕێگای کەنداوەوە هاتن بەسەرکردایەتی ژەنەراڵ (ستانلی مۆد) توانیان شاری ............ داگیربکەن:
A- بەغداد B - بەسرە C - موسڵ D- کەرکوك

١٧. لەسەردەمی ............... ئامێدی (میرنشینی بادینان) بەسەربەرزی و شانازیکردن بە خۆیان وکامەرانی وخۆشگوزەرانی ژیاوە:
A- شێخ بەهادین B- مرادخان C- زین الدین D- حسن کوری سیف الدین

١٨. دوای ئازادکردنی ناوچەکە لە سەربازانی تورك لە(٢٨ی تشرینی دووەمی١٩٢٧ز) سەربەخۆیی کوردستان لە چیای (ئاگری داغ) ڕاگەیەندراو ئاڵای کوردستان هەڵکرا،بە سەرکردایەتی:
A- شێخ سەعیدی پیران B -ئیحسان نوری پاشا C- بەدرخان پاشا D- عوسمان صبری

١٩. ئەم کۆمەڵەیە لە (٢٧ تشرینی یەکەمی ١٩١٣ز) یەکەمین قوتابخانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری (خوی) بە زمانی کوردی کردەوە :
A- کۆمەڵەی ژێ کاف B -کۆمەڵەی جیهاندانی C - کۆمەڵەی ئیستخلاصی کوردستان D- کۆمەڵەی عەزمی قەوی کورد

٢٠. هێزە دەریاییەکانی بەریتانیا بەسەرکردایەتی (نلسون) لە نزیك ئەسکەندەریە پەلاماری هێزەکانی فەرەنسایان داو زیانێکی زۆریان پێگەیاند لەشەڕی :
A- دیو B - ئەبی قیر C - ئەمبابە D-تەل ئەلکەبیر

٢١. تەواوی خەڵکی موکریان لە ستەم وزۆرداری (لوتف عەلی میرزا) ی حاکمی ساباڵاغ بێزار ببوون بەتایبەتی دوای کوشتارەکەی هەردوو هۆزی:
A- مەنگورو شکاك B - شکاك و بلباس C - بلباس وسنجاوی D- مەنگور وبلباس

٢٢. گۆڤاری هەڵاڵە یەکێك بوو لەو گۆڤارانەی کەلەسەردەمی کۆماری کوردستان دەردەچوو لە شاری:
A- نەغەدە B- شنۆ C - مەهاباد D- بۆکان

٢٣. دوای کودەتای (١٩٦٨/٧/١٧ز) لە لایەن بەعسییەکان گیراو دوورخرایەوە بۆ لەندەن:
A- عبدالسلام عارف B -عبدالرحمن عارف C-عبدالوهاب غريري D- عبدالرزاق نايف

٢٤. داگیرکردنەکەی فەرەنسا بۆ تونس کاتێیە و هێزەکانی فەرەنسا تەنیا لەسەر سنوور وکەناری دەریا دەمێننەوە،بە پێی:
A- پەیمانی مرسی B - پەیمانی عەریش C - رێکەوتنامەی ئوشی D- پەیمانی بۆردۆ

٢٥. لەساڵی(١٥٣٨ز) عوسمانییەکان (عەدەن) یان داگیرکرد و دەرگای گەرووی (بابولمەندەب) یان داخست بەڕووی:
A- سەفەوییەکان B- ئینگلیزەکان C - پورتوگالییەکان D- مەمالیك

٢٦. ژمارەکانی ( ؟ - ؟ ) لە رۆژنامەی کوردستان لە شاری ( جنێڤ ) لە سویسرا دەرچوون :
A-( ٦ – ١٩ )　B –( ١ – ٥ )　C –( ٢٠ – ٢٣ )　D-( ٢٥ – ٢٩ )

٢٧. بەهۆی هاتنی هەندیك میری لاواز و بێ توانا و ناکۆکی ناوخۆ لە ساڵی ( ١٨٦٧ز ) بەتەواوی لە ناوچوو:
A- میرنشینی سۆران　B – میرنشینی بادینان　C – میرنشینی ئەردەلان　D- میرنشینی بۆتان

٢٨. عوسمانییەکان لە شەڕی ( ساری قامیش ) لەبەرامبەر ڕووسەکان ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بوونەوە لە بەرەی :
A-رۆژهەلاتی کوردستان　B – رۆژئاوای کوردستان　C- باشوری کوردستان　D- باکوری کوردستان

٢٩. پێشنیاری لیژنەی ( بیل ) بە دابەشکردنی فەلەستین لە نێوان عەرەب و جولەکەکان لە لایەن عەرەبەکان ڕەتکرایەوە لە:
A- لیژنەی عەرەبی باڵا　B - کۆنگرەی بلودان　C- لیژنەی هایکرافت　D- لیژنەی سێ قۆڵی

٣٠. پورتوگالیەکان توانیان شاری ( سەبتە ) لە کەنارەکانی باکووری مەغریبی عەرەبی داگیربکەن لە ساڵی:
A- ١٤١٥ ز　B – ١٤٥٣ز　C- ١٤٩٢ ز　D- ١٤٩٨ز

٣١. لە ساڵی ( ١٧٦٣ز ) بەریتانییەکان بارەگای چالاکییە بازرگانی و سیاسیەکانییان لە بەسرەوە بردە :
A- بەندەر عەباس　B – قەتەر　C – بوشەهر　D- مەسقەت

٣٢. لەبەرژەوەندیاندانەبوو عوسمانییەکان لەوە زیاتر لاواز بن بۆیە لە دژی میرنشینی سۆران وەستا:
A- روسیای قەیسەری　B – فەرەنسییەکان　C – ئینگلیزەکان　D- ئێرانییەکان

٣٣. لە هەڵبژاردنی ( ١٢ی تەموزی١٩٢٢ز ) تاکە لیوا بوو کە دژی بوونە پادشایی ( فەیسەڵ ) دەنگیاندا:
A- موسڵ　B – هەولێر　C -سلێمانی　D- کەرکوك

٣٤. ( کورد هەر هێندە بە لامەرکەزی ڕازییە کە عێراق سەربەخۆ بێ و پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ میسرو سوریا نەبەستێ ) یاداشتی سەرۆکی وەفدی کورد بوو بۆ :
A- کۆنگرەی لەندەن　B – کۆمەڵەی نەتەوەکان　C – کۆبونەوەکانی قاهیرە　D- هەموویان هەڵەن

٣٥. سەدەی ................ململانێیەکی ترسناکی بەخۆیەوە بینی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وسەفەوی لە پێناو سە پاندنی دەسەلاتیان لەرۆژهەلاتی ناوەراست :
A-شازدەهەم　B-حەڤدەهەم　C- هەژدەهەم　D- نۆزدەهەم

٣٦. سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم زۆر کاری گرنگی بەخۆوە بینی لە ڕووی چاکسازییەوە ،وەك :
A- چەسپاندنی بودجەی دەوڵەت　B- بەدیهێنانی سەربەخۆیی دادگاکان
C – دانانی دەستورێك بۆ دەوڵەت　D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٣٧. بەیەکەم کۆمەڵەی فیداکاری نهێنی دادەنرێت لە میسر بۆ بەرهەڵستی کردنی داگیرکەری بەریتانی:
A- وەردانی　B – تەوکیلات　C -حزبی نیشتمانی　D- جەللاز

٣٨. یونس رەئووف، موسا عەبدولسەمەد، ئیحسان حاجی ئەحمەد، فەتاح جەبار، لە دامەزرێنەرە یەکەمینەکانی ................بوون :
A- پارتی رزگاری کورد　B - پارتی دیموکراتی کورد　C - حیزبی هیوا　D- پارتی شۆڕش

٣٩. بە پێی پەیمانی ( سایکس- بیکۆ ) ویلایەتی بەدلیس و هەموو ئەرمەنستان بوون بە بەشی:
A- فەرەنسا　B – روسیا　C – ئیتالیا　D- بەریتانیا

٤٠. بەرپرسی گشتی ئاسایش بوو لە حکومەتەکەی شێخ مەحمودی حەفید:
A- ساڵح زەکی بەگ ساحێبقڕان　B- میر لیوا سدیق پاشا قادری
C – سەید ئەحمەدی بەرزنجی　D- شێخ محەمەد غەریب

٤١. دوای مردنی کەریم خان دەرفەت رەخسا بۆ لەناوبردنی حکومەتی زەند لە لایەن قاجارییەکانەوە لە ساڵی:
A- ١٧٩٢ ز　B- ١٧٩٣ ز　C – ١٧٩٤ ز　D- ١٧٩٥ز

٤٢. لە ( نۆ ) ماددەی ڕێککەوتننامەی ئەرزرۆمی دووەم ............. ماددەیان پەیوەندییان بە کوردەوە هەبوو :
A- سێ　B – چوار　C- پێنج　D- شەش

٤٣. لە ساڵی ( ١٥٠٦ ز ) ڕوویدا:
A- یەکەم هێرشی سەفەوییەکان بۆ سەر کوردستان　B- کۆتایی هاتنی دەسەلاتی موسڵمانان لە ئەندەلوس
C- دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی　D- ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی

٤٤. لە ساڵی ( ١٩٠٧ز ) نامەیەکی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید نووسی و تێیدا داوای کرد کەزمانی کوردی لە ناوچە کورد پیەکاندا ببێتە زمانێکی رەسمی و لە قوتا بخانەکان بخوێندرێت:
A- شێخ ئەحمەدی بارزانی　B- مەلا سەلیمی بەدلیسی　C - شێخ عەبدولسەلامی بارزانی　D - شێخ محەمەد صدیق

٤٥. دوای شۆڕشی ( ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ز ) کورد بە وەزیرێك بەشداری لە حکومەتی عبدالکریم قاسم کرد ، کە ................ بوو:
A- بابە عەلی حەفید زادە　B – محسن دزەیی　C – خالید نەقشبەندی　D – عبدالفتاح شالی

٤٦. لە کاردانەوەی چاکسازی عوسمانی لەسەر کوردستان کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی عوسمانی بوو لە هەندێك لەشارەکانی کوردستان وەك:
A- هەولێر　B- کفری　C – کەرکوك　D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٤٧. پێکهینانی یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کوردی بەناوی ( یەکێتی کوردان ) لە کۆبونەوەی گوندی نەهری بوو لە ساڵی:
A- ١٨٧٠ ز　B- ١٨٧٥ز　C- ١٨٧٧ز　D- ١٨٨٠ز

٤٨. کێشەی نەتەوەکانی عیراق ( داواکاریەکانیان و پێداویستیەکانیان ) و چۆنیەتی چارەسەکردنیان، یەکێك بوو لەخاڵە سەرەکییەکانی:
A- پەیمانی ساڵی ١٩٢٢ ز　B- کۆنگرەی قاهیرە
C – پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ز　D- لیژنەی سێ قۆڵی کۆمەڵەی نەتەوەکان

٤٩. لەسەردەمی حەسەنی کوڕی سیف الدین میرنشینی بادینان توانی دەست بگرێت بەسەر قەلای :
A- ئاروخ　B – تارون　C – زەڵم　D- دهۆك

٥٠. بەسرە لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی ببوو بە بەشێك لە دەوڵەتی عوسمانی بەڕەسمی داگیرکردنی ڕاگەیەندرا لە ساڵی :
A- ١٦٢٣ز　B- ١٦٣٨ز　C – ١٥٣٤ز　D- ١٥٤٦ز